www.kurdistannet.org
10-2-2007 1:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

پاڕانەوەیەک بۆ ئەو 12 منداڵە کە ژیانیان چاوەڕێی مەرگ دەکات. ... هەڵۆ

بۆ بەڕێزان کاک مەسعود بارزانی، بەڕێز مام جەلال، بەڕێز هێرۆخان
بۆبەڕیز وەزیری تەندروستی کوردوستان
بۆبەڕیز دەسەڵاتداره دەوڵەمندەکانی کوردوستان،
بۆ بەڕێزان ئەو ملیاردێرانەی کوردوستان

لەگەڵ ڕێزو سڵاوماندا بۆ جەنابتان.

نامەیاکی کراوە وە پاڕانەوە لەو بەڕێزانەی سەروە بۆ یارمەتیدانی ئەو منداڵە هەژارانەی کە لە خەستەخانەکانی کوردەستاندا، کە ئێستا چاوەڕێی مەرگ دەکەن، وە لە بێ دەسەڵاتی و بێ پارەیدا کەسوکارەکانیان ناتوا نن ڕوبکەنە کوێ! بەڕیزان وا بیربکەنەوە کە ئە منداڵانە هینی خۆتانە، وە یاخود منداڵی منداڵکانتانن وە یان کەسێکی نزیکتانن، لە کاتێک کەوا پیێویستیان بە دەرمان بێت و پارەتان نەبێت وە دەسەڵاتیشتان نەبێت چی دەکەن؟ پیویستە وە واجبی هەموتانە لەم کاتەدا هەر لایەک لە و بەڕیزانەی سەروە دەستێکی یارمەتی بنێرێ بۆ ئەو منداڵانە وە رزگاریان بکەن لەو نەگبەتیەی کە تێیدان. ئەو منداڵانە کە خۆیان نازانن چ نەخۆشیەکیان هەیە وە بۆچی کەسوکارەکانیان ناتوانن دەرمانیان بۆ بکڕن وە بۆچی لە خەستەخانە کەوتون!! بۆچی ئێستا لە نەخۆشخانەن، بۆچی لە باخچەی منداڵان نین، بۆچی ناتوانن هەستنە سەرپێ و یاری بکەن وە کو جاران، بۆچی ناتوانن پێبکەنن وەکو جاران، بۆچی هەردەم یەکێک دێت و ڕۆبێکی سپێ لەبەردایەو گەرما پێوێک دەخاتە ژێر باڵە بچکۆلەکەی بۆیەی بزانێت دیسان ئەم منداڵە تای لێ هاتووە، وە دکتۆرەکە لە گەڵ خۆیدا قسەدەکات و دەڵێت ناتوانین دەرمانی بۆ پەیدابکەین! ئەو دەرمانەی هەیە پێی درا، دکتۆرەکە بە دایکو باوکی دەڵێ دەرمانی تری پێویستە بۆ دابەزینی تاکەی، ئەوەی هەمانە دەرمانی پەنادۆل، وە کاتەفلام پێماندا وە هەر گەرماکەی دانابەزێ، بە کەسوکارەکەی دەڵێ بڕۆن دەرمانی تری بۆ پەیدا بکەن، ئەگینا کۆرپەکانتان ژیانیان دەکەوێتە خەتەرەوە، پلەی گەرمایان لە نێوان سیونۆ وە چلدایە. دایک و باوکە بێ دەسەڵاتەکانی منداڵەکان لە تەنیشت منداڵەکنیانەوە لە خەستەخانە دەگرین بە بێ دەسەڵاتی وە بە پێ پارەیی ناتوانن هیچ بکەن وە ناوێرن خەستەخانەکەش بەجێ بهێڵن وبڕۆنە دەرەوە لە ترسی ئەوەی نەوەک بڕۆن پاش هەتنەوەیان دەبینن منداڵەکانیان نەماون لە سەر جێگەکەیان وە ژیانیان لە دەست دابێت، وا بە باشتر دەزانن هەر لە خەستەخانە بمێننەوە وە کاتەکەیان لە گەل منداڵەکانیاندا بەرنە سەر وە ئەگەر بە زوترین کات دەستی یارمەتیەک نەگاتە لایان ئەوا لە کۆتاییدا هیچیان بۆ نامێنێت تەنها گریان، گریان، گریان داخوا ئەو فرمێسکانە ئەگەر شتێکیان بەدەست بێت و بێنە قسە کردن و ئازاد بن چی بتوانن بکەن! لەوانەیە هەر یەکەم ڕستە ئەوە بڵێن خوایە بۆچی وا بە هەژاری ئێمەت دروست کرد، وە ئەم نەخۆشیەت بۆچێ نە نارد بۆ منداڵێکی دەوڵەمند! ئەگەر بێتو ئەم ڕوداوە لە ئەوروپادا ڕوبدات و وە لەسەر ئێنتەرنت بڵاوبکرێتەوە، بە هەزاران کەس دەستی یارمەتیان بۆ ڕادەکێشن وە بە تایبەتی دەوڵەمندەکانیان، چونکە ئەم جۆرە ڕوداوانە لە ئەوروپا بە ڕۆژانە ڕوەدات وە بە زوترین کات لا میدیادا بڵاو دەکرێتەوە، وە بە زوترین کات چەندین چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە. بەڕێزەکانی سەرەوە بە تایبەیی هێرۆخان کە وەکە ئافرەت دەبێت دلت نەرمتر بێت وە ک لە پیاوێک پێویستی سەرشانتە کە بەزوترین کات چارەسەرێک بۆ ئەومنداڵە نەخۆش و هەژاران بدۆزنەوە تاکو لە دەست نەچون. وەزیری تەندروستی پێویستە کە بەشیوەیەکی گشتی ئاگاداری میدایا بکەن کە لە خەستەخانەکانی کوردوستاندا چ جۆرە دەرمانێک پەیداناکرێ وە زۆرتان پێویستە ناوی ئەم دەرمانان بە شێوەیەکی ڕۆژانە بڵاوبکرێتەوە تاکو بتوانین لە ئەوروپا پەیدای بکەین وە هەروەها لە ناکاو کەس ناکاویتە ناڕەحەتیوە کە لە بەبێ دەرمانیدا کەسێک ژیان لە دەست بدات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.